# پیاوی شیعر و شەو



خەیاڵ هەڵمدەگری، لە ناڵەشکێنەوە بەرەو تەرەغە، لە زەردو ماهی تەرەغە وەسەر دەکەوم، دەڕۆم بەرەو قوشەهوو، بەرەو چەکچ و ماڵوت، دادەگەڕێم بۆ لای سوڵتان و ئاڵمەڵوو، لە ڕەوەز و ڕژدو هەڵدێری ئەوانیش دادەگەڕێم بەرەو وەتەلگی و داغداغانی و ساری بابا، دێمەوە دەشت و گۆڕایی موکوریان، بەسەر چۆمی تەتەهوو و جەغەتوو بەرەو گۆمی ورمێ، بەبەستێنی گۆمی سوێری ورمێ دا دەسووڕێمەوە، سەرێک لە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ دەدەم،بە دڕەی قاسملوودا بەرەو شاری شنۆ تێهەڵدەبم، لەکێلەشین ڕا با دەدەمەوە پەنا شاری سەقز، شاری خەبات، شاری شێرەژن، تا نزیک سولەیمانی، تەواوی خاکی موکوریان دەور دەدەم، ئەوەی من لێی دەگەڕێم وەدەستم ناکەوێ، ویشکە ساڵیی، تەبیعەت وڵاتی گۆڕیوە، ئەرز ئەستێورە، لەزۆر شوێنان قەڵشی نالەباری زەوی وەک زاری هاوار کەرێکی تینوو دەچێ.

ئەدی چ بکەم؟ کوردەو لێقەومان، کوردەو نیاز، کوردەو بێ کەسی و کوردەو کێو :" هەرزن و بزن چیایە مەزن" شاخەکانی قەڵای سارمێ، کەڵکی بەگزادان، خەزایی، ئەزمەڕ، هەندرێن، ئاگرین و گەلی عەلی بەگیان شاهیدی دەیان گیان بەخت کردن و سەرکەوتن بوون، ئێستا بە ڕواڵەت سەردەمی ئەو پێک هەڵپڕژانەش باوی نەماوە، من بەرەو ئاشتی دەچم، ئاخ گەرمێن دوورە بۆ پیاوی فەقیر، ئەگەر ئیزنیان دا بام چووبامە مابەینی دەجلەو فەرات، ئەو جێگایەی باوک و باپیری ئێمەی کورد، گەنمیان لێ چاند، ڕەنگە لەوێ وەگیرم کەوتبا، چ بکەم دەرچوونم نابێ، لەنێو ئەو هەموو بازدو هەزار و دوولایە دەرناچم، دەنا کۆڵانەکانی پێشووم دەدۆزیەوە، ڕەنگ بوو بەمەبەستی خۆم بگەم.

دیسان خەیاڵ دەمبا، بەپاڵ و گەوەدا، بەصر و هەڵەمووت دا، بەپەناو پەسیودا بەخڕو شیودا بە پێدەشت و گۆڕاییدا "بەسەر بەفر، بەسەری کوێستاناندا" بەنێو چاڵە بەفرو ڕنوو، سیخوار، سەهۆڵ و پزوو، پێ پێ و کوتە و ڕچەدا، دەنێو تەرزە وکڕێوە، کەڕەسیسە وگلێرکە و شەش پەڕەدا. چاوم دەحەوێقی ئاسمانێ بڕیوە سەیری ڕێی کاکێشان، کۆ و تەرازوو، کاروان کوژەو ئەستێرەی بەیانی دەکەم.

لەدەیان گۆمیلکەو دەراوی بوارو بێ بوار دەدەم، دە دنیای خەیاڵی خۆمدا دەچمە نێو کاروانی خەیاڵی مامۆستا هێدی و گوندە قشمیلانەکەی "شێخاڵی" هەوڵ تێگەیشتن بۆ پێگەیشتن، بۆ تێکۆشان و نەوەستان، بۆ لای مناڵیی و کاڵیی، تازە لاویی و لاویی، گڕوگاڵی دڵداری، پاشان دڵداریی بۆ نیشتمان.

**"بسکت دەگەڵ ئەو ڕوومەتە تێکەڵ بووە هەروەک"**
**باغی گوڵە پەرژینی بە ڕیحانە کراوە**
**جوانیت بەسە بەڕووی لە ئەستۆت بپسێنە**
**من کوردم ئەزانم کە لەبەندیی چ کراوە**
**تا گوارە لە گوێت دێتە لەرین، دێتەوە بیرم**
**"هەر لاوێ کە لەو خاکە لە سێدارە دراوە"**

خەیاڵ دەمبا بۆ لای باغ و دارستان و کانی بەردێ، ئاخ دەیان و سەدان پەیاسە و گەڕانی بەو شوێنانە دا کردووە، لەسەرخۆ، هێدی هێدی، ئەو هێدی بوو، ڕۆژگاری تۆسن ڕاوی نا بێرەو بەوێدا زوڵم و زۆری دەگەڵ نواند، بەڵام هەرگیز نەیتوانی نسکۆی پێبەرێ و کڕنۆشی پێ بکا.

لە کانیەکەی قەراخ دێ ڕا سەر هەڵدێنم، چاوم بە مزگەوت، دیوەخان، هەیوان، دارە هەنارو ڕیزە گوڵە باغەکەی پێشوو دەکەوێ، بەمناڵی جارێکی دیبوومن، وەک ڕەسمی دووری پەردەیەک بەبیرم دادێ، وەک گلۆڵەیەکی گشتی هەڵکراو دەمێشکم دا دەکرێتەوە:

ماڵی گەورەی سەراوەڵاو بەبێنە بێنەی کوردەواری، خاوەن ماڵی سایە چەور وەک حاجی حەمەد ئاغا، دەرک و بانی ماڵدراوی ئاوپڕژێن کراو، کارداری کۆک و پۆشتە، دیتنەوەی ئەو دیمەنە و بۆنی بلاوێنی گوڵی محەمەدی مست و سەر خۆشم دەکا، دە دڵە خۆم دا دەڵێم ئەو ماڵە جێی حەسانەوەیەو ئەو ماڵە موخسوودی منی لێ حاسڵ دەبێ، دڵم دەکرێتەوەو دەکەومە سەر مەبەستەکەی خۆم.

لەو گوڵەباغانە دوو لق و گوڵی بۆن خۆشی سوورو سپی دەگەڵ لقێک گەڵای سەوزی گەش بە ئەسپایی دەچنم.

گوڵی سوور لەبەر گەشی و تەڕی و تورتی چاوی لەبەر هەڵنایە، ئەوەندە سوورو ئاڵە، ئەوەندە جوان و دڵگرە، ئەوەندە دڵڕفێن و ماقووڵە بەچەشنی خوێنی گەش و ئاڵی شەهیدە دە تاسەوەم دەبا.

گوڵی سپی وەک بەفری هەوڵ نوای کوێستانان تا ئێستێ گەردی لەسەر نەنیشتبێ، وەک بەیداغی ئاتی کە سوڵح و سەفای هەمیشەیی بە شوێن دابێ. گەڵای سەوز بە چەشنی مەڵبەندی ئازادی، بەهەشتی سەر سەوزی ڕەف ڕەفی پیرۆز و گەڵای زەیتوونی دنووکی باڵندەکەی هەوەڵ خاڵی نیشتنەوەی تۆفانی نوح خۆ بنوێنێ، ڕەنگی ئازادی ئەو خەڵاتەی وێڕای مناڵ لە دایک دەبێ و لە مناڵیەوە تا پیری و نەمان، زەوت دەکرێ.

گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی وەک کۆلکە زێرینەیەکی خۆشەویست بە ئەمانەت دەبا خەڵم و ڕو دەکەم. دەورێک بە دێدا لێدەدەم، ڕۆژگاری مناڵی و لاوەتی "هێدی"م دێتە بەرچاو، هەرا، هەی جۆ هەی جوێن، خۆشارنەوەکێن، ڕاوەتفەنگ، ڕاوە تاژی، ڕاوە کەو، شەو، میرزا، نووری، جۆرابێن و شەوارە، تێ هەڵدەبم بەرەو هەرێم، بەرەو ڕووگە، خەیاڵ تەیری بێ باڵە و سنوور ناناسێ، وێڕای هەوری گەواڵ گەواڵ هەڵدەفڕم، وەک خەونێکی زیندووی شیرن باڵ دەگرم.

**باڵێک فڕین جارێک کەوتن**
**هەزار کەوتن بۆ سەرکەوتن**

**لە شوێن کوڕی شەو دەگەڕێم**
**لە نیوەی ڕێ، چۆن وەگەڕێم؟**
**دارستانە شەو خامۆشە**
**ڕێگا تاریک و ڕەشپۆشە**

دارستان بۆتە پنچک، کەچی ڕیشەی پنج بەستە، دەستی شکێ ئەوەی وا هەرەسی کردی، بەپلارو خڕە بەردان سەرو گوێلاکی شل کردی، لایەک بە یەکجاری بۆتە کێڵگە، لایەک بوژە، بەرپێ چەوەڵ، بەشێک لاخۆرو لاسووتە، جێ جێ تاقە، جێ جێ جووتە، نێوە نێوە ئەرزی بۆرە، پواز، هۆرە، شوێنیان دیارە، سۆرەو تۆرە، ئەو جێیانەی تیری نە دەبوارد، ماری تێنەدەچوو، نووکی مشار، جێگەی تەورە، جێ پێی زوڵم و زۆرو جەورە، ئەوەی ڕژدە، ئەوەی لێژە، ئەوەی نیسێی بەردە نوێژە، ئەوەی چڕە، ئەوەی پڕە، ئەوەی ماوە، ئەوەی تێراوو پاراوە، بە فرمێسکی دایکی هەژاری چارەڕەش ئاو دراوە، لە حاستی وی زبان کڕە.

دەچمە پێشێ، حەساومەوە، ماندوونیم، کەوتووە ڕەوتوو نیم، دارستان گەشە، ڕەشە، ئەوەی دوژمن دەیگوت مردووە، گشتی زیندوو، هەموو چڕۆی ئاوس بووە، چوزەو خەڵفی دەرکردووە.

بەرەو پیاوی شیعرو شەو دەڕۆم، بەرەو پیاوی شەوانی ئەنگوستە چاوە، بەرەو ڕێبواری ڕێگەی حەستم، بەرەو ڕێپێوی ڕۆژانی تاڵ و شەوانی ڕەشتر لە شەوە، بەرەو تینووی ماندوو نەناس بەرەو پارێزەری شیعری کلاسیکی موکوریان، بەرەو زانای واژەی ڕەسەنی موکری، بەرەو مامۆستا هێدی مەزن دەیدۆزمەوە، دەدڵی شەودا، بەبیرێکی ڕووناک هەموو تەمەنی دەشەوگاری تاریکدا ڕۆیی.

پاڵی وەدارێکی بن ئەستووری سەر سەوز داوە، سیمای ڕەشیدو پیاوانەی چیرۆکی هەزاران کارەسات و بەسەرهاتی تێدایە، کۆمەڵێک بیرەوەری تاڵ و سوێر بە سەدان هەڵس و کەوتەوەو جار جاریش بیرەوەری خۆش و شیرین، گنج و لۆنج و خەتەکانی ڕوخساری، هەر چەندە دیمەنێکی پیاوانەیان داوەتێ ئەمما هاوار دەکەن بۆ وەدەست هێنانی ئازادی گەلەکەی چەندی ئازادیە سەرەتاییەکانی خۆی دەژێر پێ ناوەو چڵۆن بۆ گەیشتن بە داوا ڕەواکەی، داخازە چووکەکانی دەناخی دڵی دا ناشتووە، تەنانەت بۆ دووری لە شوێنی لە دایک بوونی چەندەی ئازار چەشتووە.

"تا لەتۆ دوورم موکوریان دڵ بەهیچ ناپشکوێ
من خراپ بووم ئێوە چاک بن، لێم گەڕێن با بێمەوە"

ئەو شیعرەی بۆ براکەی کوتووە، بۆ من جێگەی سەرسوڕمانە، ئەگەر ئەو شیعرە ساڵی ٢٤ی هەتاوی کوترابێ، ئەوێدەمێ مامۆستا تەمەنێکی وای نەبووە، بێتو ساڵەکەی، لێ تێک نەچوو بێ، شاکارێکی گەورەی کردووە کە زۆر بەدەگمەن شاعیرێک توانیبێ شتی وا بڵێ:

**" گوێت لەبەندی ئاخرم بگرە هەتا ڕۆح ماوە پێم**
**گەرچی ئاڵۆزە بەڵام بمبوورە چۆن شێواوە لێم**
**تا بە ڕووناکی چرای گۆنات دەبینم دەست و پێم**
**سەر لەسەر ئێخەی خەمی تۆ پڕ بە کوردستان دەڵێم**
**چاوەکانم بەسیە غوربەت بێرەوە**
**چۆن بژیم من، تۆ لەوێ من لێرەوە"**

بە پێچەوانەی بەشێک لە نەزەرە عیلمیەکان کە دەڵێن بنیادەم هەتا هەموو نیازەکانی دابین نەبن ناگاتە پلەی خۆدزینەوە، من پێم وایە مامۆستا هێدی ئەو وردە کاریەی کە دە بەشێک لە شیعرەکانیدا بە ئەو پەڕی خۆی گەیاندوور بەهۆی دابین نەبوونی نیازەکانی کوتراون:

**"زوڵفی سەر شانت عەزیزم کاتێ هاتی شانەکەی**
**من گوتم سەد خۆزگە دەنکی شانە بام شا نە بام**
**کەس وەک ئاوێنە بە وردی ناژمێردێ خالی ڕووت**
**بۆیە ئاواتم بوو ئەو ئاوێنە بەستەزمانە بام"**

هەستی نەتەوایەتی وەک من بیستوومە دە خوالێخۆشبوو حاجی حەمەد ئاغادا زۆر بە قەوەت بووە، دوور نیە مامۆستا هێدی لە بنەماڵە ڕا خۆی هێنابێ، ئەوەی لە ئاسار و کردەوەی ڕا دیارە، ئەو هەستە لە زەمانی پێشەوای نەمردا خونچەی داوەو لە شۆڕشی بارزانی نەمردا پشکووتووە:

**"ئەی مەهاباد ئەتۆ جێی شانازی**
**پێی گەیاند باوەشی گەرمت قازی**
**کۆڕپەکانی تۆ لەخان و سەردار**
**بە سەری بەرزەوە چوونە سەردار"**

دەچلەی بارزانی دا دەڵێ:

**"نەک هەر ڕەمزی کوردستان بووی**
**بۆ کوردستان دەرسی نەوەستان بووی"**
**یا**
**"تۆ بووی شانازی گەلی کورد**
**زۆر شانازیت لەگەڵ خۆت برد"**

مامۆستا هێدی کاتێک باسی ژن دەکا، دە شیعری ئاشقانەدا زۆر جار دەردو داوای نەتەوایەتی تێداوێ، بەشی گەلەکەی لەبیرناچێ. لەزۆر جێیان دا عیشق و ئازادی پێکەوە باس کردووەو دداری و نەتەوایەتی پێکەوە نەخشاندووە. مامۆستا هێدی دە شیعرە فارسییەکانیدا نیشانی داوە کە فارسی باش دەزانێ، دیارە بە فارسی دەرسی خوێندووە چ لە مەدرەسە و چ لە لای میرزا، کتێبی فارسی زۆرتر خوێندۆتەوە، هامووشۆو نامەی یانە دەوڵەتیەکانیشی هەر بە فارسی بوون، کەچی کارتێکردنی فارسی لەسەر زمانەکەی خۆی دیار نییە.

مامۆستان هێدی، وەک کورد بیری کردۆتەوە، وەک کورد نووسیویەتی، نەواژەکانی، نە ڕستەکانی وەرگێڕاوی فارسی نین، هەر چەند کوردی و فارسی زۆر لێک نیزیک بن، تەواوی شیعرو نەسری هێدی مۆری نەتەوایەتیان پێوەیەو لە ئەسڵی خۆی لای نەداوە. بەدوور بوونەوەی لە خۆشیەکانی ژیان دە بەشێکی زۆرتری تەمەنی دا وەک زێوی قاڵ کراو لە کڵ هاتۆتە دەرێ، من پێموایە ئەگەر کورد مورتازی بووبایە، بێ شک هێدی یەکێک لەوان دەبوو.

دیسان خەیاڵ دەمباتەوە هەودای پساوی بابەتەکەی خۆم، ڕوو بە ڕوو ڕاوەستاوم، گوڵەکانم بە خاوێنی بەدەستەوەن، دەمەوێ گوڵ بدەم بە گوڵ، بەڵام ناوێرم، دەستە گوڵ تەواو نیە، کەموکووڕی تێدا هەست دەکەم.

گوڵی ناتەواو شیاوی وی نیە، نازانم چ بکەم، چاو لە ئەستێرەی ڕۆژێ دەگێڕم، لە ئاسۆی وڵات سیواد سەری هەڵداوە. باڵندە جریوەیان دێ، سپیایی ڕۆژێ وردە زێو بەسەر دارستان دا دەپڕژێنێ، بەیان بە تەواوی ئەنگوتووە، دەستە گوڵ دەباوەشم دایە، لەنەکاو هەوەڵ گزینگی هەتاو هەڵدەکوتێتە ئامێزم، ڕاست دەنیشێتە سەر گوڵی سپی، ڕادەچەنم، گوڵ لە باوەشم دەخزن دەکەونە سەر شانی مەزنە پیاوی شیعرو شەو. عەرزی دەکەم: " بۆ خۆت هەر گوڵ بی، عومرت گوڵ نەبێ"

لە گۆشە و قەراغی دارستان تۆڵە فەندیەک لوورە حەپەیەتی، وشترێک حندرحۆ دەکا، ڕێویەک ژانی گرتووە.

دەنگی هاوار لە دوورە وڵات ڕا بە ئاشکرایی دێتە گوێم، بەڵام هاواری تەنگانە و لێقەومان و ڕێ ون کردن نیە، زمزمەی سەرکەوتنە، دەڵێ:

**" وڵاتم هەموو مەستی بادەی ژیانە"**
**"ئەوەی بیری لێ ناکرێ"**
**" نەمانە، تێکشکانە"**



**فەتاحی ئەمیری**
**بۆکان**
**١٣٨٧-٨-٨ی هەتاوی**

ئەم نووسینە بۆ ڤێستڤاڵی ڕێزگرتن لە مامۆستا هێدی شاعیر نووسرابوو، بەڵام دەرفەتی پێنەدرا لە ڤێستڤاڵەکە پێشکەش بکرێ.

# مارۆگۆلۆف و ئەلفو بێی کوردی/لاتینی

ئیسحاق مارۆگولۆف کوڕی فەرهادە و بەڕەچەڵەک ئاشوورییە. لەسەدەی نۆزدەهەمدا بنەماڵەکەیان کۆچبەری ئەرمەنستان بوون و لەگوندی "دڤین" نیشتەجێ بوون. مارۆگولۆف ساڵی ١٨٦٨ لەدایکبوە و دوای ئەوەی خوێندنی مامۆستایەتی تەواو کردوە، لەساڵی ١٨٨٨ەوە سەرەتا لە فێرگەی گوندی "شاتەخت"ی نەخجەوان و دواتر لە گوندی "قەمەرلی" وانەی گوتۆتەوە. ساڵانە لەگەڵ ماڵباتەکەی دەچنە هەواری "ئەلەگەز" بۆ ناو کوردەکان، لەڕێی مناڵانی کوردەوە فێری کوردی دەبی و وەک زمانی زگماکی خۆی بەکاری دێنێ.

لە ساڵی ١٩٠٥دا بۆ مامۆستایەتی ڕەوانەی گوندی "زۆرێ" دەکرێ کەدانیشتوانی کورد بوون. هەر وەک کوڕەکەی دەگێڕێتەوە لەوێ ئەلفوبێی زمانی کوردی ئامادە دەکات. ساڵانی ١٩٢٠ قۆناغی وشیاربوونەوە و پێشکەوتنی کوردانی سۆڤییەت بوو. هەر لەو ساڵانەدا، دەوڵەت دەیەوێ ئەلفوبێ بۆ زمانی کەمینەکان دروستبکات. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دەوڵەتی قەفقازیالەلایەن کرملینەوە ڕادەسپێدرێ و لەوێ لیژنەیەک لەکەسانی پسپۆڕ پێکدێ و کار بۆ ئامادەکردنی ئەلفوبێ بۆ زمانی کەمینەکان دەکەن. بڕیاری ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانەکانی(تورکی، کوردی، ئاشووری، ئۆسەت) دەدرێ و داوا لەزانایانی ئەو نەتەوانە دەکرێ لەبەرامبەر هەر دەنگێکدا تیپێکی لاتینی بدۆزنەوەو وەک ڕاپۆرتێک پێشکەش بە لیژنەکەی بکەن.

کەسانی وەک ئۆربەللی و "ن.مار" کەوتنە خۆ، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. لەو کاتەدا مارۆگولۆڤیش بۆ دانانی ئەلفوبێیەک بەزمانی کوردی تێکۆشا. لەساڵی ١٩٢٨دا مارۆگولۆف بەگوێرەی فۆنەتیکی زمانی کوردی ئەلفوبێیەک دادەنێ و ڕادەستی لیژنەکەی دەکات، پەسند دەکرێ و پێشکەشی دەوڵەتی قەفقازیا دەکرێ. لەساڵی ١٩٢٩دا دەوڵەتی قەفقازیا بەشێوەیەکی فەرمی ئەلفوبێی مارۆگولۆف پەسنددەکا. بەدوای ئەمەدا هەوڵی ناساندنی ئەلفوبێیەکەی دەدات، مامۆستایانی کورد لەدەوری یەک کۆ دەکاتەوە و فێریان دەکات. بەناو کوردەکاندا دەگەڕێ و پێیان دەناسێنێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٠دا ئەم ئەلفوبێیە لەلایەن سۆڤیەتەوە هەڵدەوەشێتەوە، ئەویش لە ساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوایی دەکا. لەساڵی ١٩٤١دا لەئەرمەنستان و بەپێی بڕیارێکی ئەو وڵاتە ئەلفوبێی کوردی بەتیپی کریلی دادەنرێت و دانی پیا دەنرێت.



İsahak Marogûlov

**سەرچاوە: دیارنامە**

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاری کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز:
ڕێکار ئەحمەد
سەرنووسەر:
حوسێن حەسەن
ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:
٠٧٥٠١١٩١٤٩٧
ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:
٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی ڕانیە
شەقامی نالی،
تەنیشت گەراجی عەباس
کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com